کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 31-10-2007 21:11

**خۆزگە دراوسێی خێڵە دواکەوتووەکانی ئەفریقیا بووینایە نەک تورکیا ... سەلاح گەرمیانی**

salahgarmiani@maktoob.com

1

جێگەی خۆشحاڵی هەموو کوردێکە کە ئەمڕۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردو رابەرانی کورد.. بەیەك



هەڵوێست و یەك ئیرادەوە رووبەرووی هەڕەشەکانی تورك دەوستنەوە. مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی رەنگە هەموومان پێشتر گللەیی زۆ و رمان لێی هەبێ، کە وەکو پێویست وەڵامی تورکەکانی نەدابێتەوە، ئەمەش لەوانەیە هەندێ هۆکاری خۆی هەبێ بەو پێیەی کە مام جەلال سەرۆك کۆمارەو دەبێ وەکو سەرۆك کۆمارێك بجوڵێتەوەو قسە بکات، بەڵام دیارە خودی مام جەلالیش گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە تورك هیچ حیساب و کتابێك بۆ ئاشتی و دانووستان و بەرامبەر ناکەن، ئا لەو کاتەدا وەڵامی مام جەلال ئەوە دەبێ کە وتی"نەك کوردێك، بەڵکو پشیلەیەکی کوردستانیش تەسلیم بە تورکیا ناکەین".

سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش کاك مەسعود بارزانی لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی جەزیرەداو لە بەرنامەی گفتوگۆی کراوە (الحوار مفتوح) کە شەوی 27-2007/10/28 بڵاوکرایەوە وتی"ئامادەنین تەنها کوردێك تەسلیمی تورکیا بکەین"ئەم هەڵوێستانەی مام جەلال و کاك مەسعود بەقەد بۆمبێکی ئەتۆمی کاریگەری لەسەر تورکیا دروستکرد. تورکیا وا بەتەمابوو وەکو جاری جاران شەڕی پەکەکە بە یەکێتی وپارتی بکاو کورد بە کورد بەکوشت و سەربازەکانی خۆیشی لە کەیف وم سەفادابن. بێئاگا لەوەی کە دۆخی کورد لە ساڵی 2007دا سەردەمی ساڵانی 1991و 1997 و 2000نییە. بەڵکو سەردەم بەتەواوەتی گۆڕاوەو هەموو لایەنە کوردییەکان زیاتر ئەو راستیەیان بۆ دەرکەوتووە کە "تورکیا"دوژمنێکی سەرسەختی کوردەو هەرچی پێبکرێ دەیکات بۆ لەباربردنی هەر دەسکەوتێك کە کورد لە هەر شوێنێك بەدەستی هێنابێ..

پەکەکەیش ئەمرۆ لەهەموو کاتێك زیاتر لە ئاستی بەربرسیارێتیدان، جێگەی خۆشحاڵییە بەپێچەوانەی جارانەوە، ئەمڕۆ سەرکرایەتی پەکەکە لە هەموو کاتێك زیاتر حیساب و کیتاب بۆ باشووری کوردستان دەکات و موراعاتی ئەم بەشەی کوردستان دەکات.. راگەیاندنی ئاگر بەستی یەك لایەنەی ئەم جارە لەلایەن پەکەکەوە لەسەر خواستی سەرکرایەتی کوردی باشووری کوردستان بووە، ئەمەش نیشانەی هەماهەنگی و جۆرێك لە هاوکاری و هەمانکات موراعاتکردنی بارودۆخەکەیە..

سەرکردایەتی کورد ئەمڕۆ خوێندنەوەیەکی واقیعی بۆ مەسەلەکان دەکات، بەیەك هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتیمانیەوە رووبەڕووی پیلانی تورکە فاشییەکان دەبێتەوە.. ئەم هەڵوێستانەی سەرکردایەتی کورد، ئەوەندەی دیکە شەقامی کوردی بەحماستر دەکا، شەقامی کوردی یەکڕیزتر دەکا. ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەشەوە دوژمانی کورد زراویان دەچێ و ئەتۆقێن، تورك کاتێك دەبینێ کە مام جەلال ئامادە نییە"پشیلەیەکی کوردستان تەسلیم بە تورکیا بکا" و کاك مەسعود"ئامادە نییە کوردێك تەسلیم بە تورکیا بکا" ئەوەندەی دیکە بێ وەرەتردەبن و قەیرانەکەیان زیاتر لێدەئاڵۆزێت و گەورەتر دەبێ و ئەو چارەسەرەی کە تورکان بۆ لەناوبردنی پەکەکە دایانناوە دەبێتە بلّقی سەر ئاو.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لە کوردەواری خۆماندا زۆر جار ئەوە وتراوە"عەیبە، هاتە ماڵەکەت" یان "لەسەر جێگەکەت دانیشت" ئەمەش بەوەوتراوە کە هەموو کەس لە ماڵی خۆیدا پیاوەو دەبێ پیاو بێ مەردانە بجولێتەوەو هەڵسوکەوت بکا، لە کۆمەڵی کوردەواری خۆماندا زۆرجار چەندین کێشەی گەورە بەدانیشتنێك بڕاوەتەوە، کابرای تاوەنبار کە چووەتە ماڵ کابرای تاوانلێکراو ئیتر هەموو شتێك بڕاوەتەوەو دەست لە ملان کراوەو کۆتایی بەهەموو شتێك هێنراوە.
بەڵام تورك لەبەر ئەوەی پیاو نین و لەخۆیان زیاتر کەس بەپیاو نازانن، ڕێزی خەڵکیش لە ماڵەکەی خۆیانیشدا ناگرن. لە عورفی دیبلۆماسی و پەیوەندی نێودەوڵەتیدا واباوە کە ئەگەر سەرۆك کۆماری وڵاتێك بەسەردانێك چووە وڵاتێك دەبێ لەلایەن سەرۆك کۆماری وڵاتی میوانەوە پێشوازی لێبکرێ، بۆ سەرۆك وەزیران و وەزیرەکان و هەموو ئاستەکانی دیکەش هەروەها، بەومانایەی دەبێ هەر کەسێك لە ئاست و پلەی خۆیدا پێشوازی لێبکرێ، نابێ سەرۆك کۆمار لەلایەن وەزیرێکەوە پێشوازی لێبکرێ، نابێ وەزیرێك لەلایەن سەفیرێکەوە پێشوازی لێبکرێ.. لەکاتی سەردانی وەفدی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا لە هەفتەی رابردووا، ئەو وەفدەی حکومەتی عێراق کە جگە لە دوو وەزیری ناوخۆو ئاسایشی نەتەوەیی عێراق چەندین لێپرسراوی باڵای دیکەی لەخۆگرتبوو، کەچی لە فرۆکەخانەی ئەنقەرە لەلایەن پارێزگاری ئەو شارەوە پێشوازی لە وەفدەکە کرا.. ئەمەش جگە لە ئیهانەو سووکایەتیپێکردن هیچی تر ناگەیەنێ، چونکە دەبوایە وەزیری ناوخۆی تورکیا خۆی پێشوازی لەو وەفدەی عێراق بکردایە، نەك پارێزگاری ئەنقەرە، تورك بەمەش نەك هەر بێحورمەتی بەرامبەر عورفە نێودەوڵەتییەکان دەکەن، بەڵکو بەچاوێکی سووکەوە لەو وەفدەی عێراقیان ڕوانی.. خۆ ئەو وەفدەی عێراق"موراد قەرەیەلان و جەمیل بایك" نەبوون، بەڵکو هەندێکیان لەو کەسانەبوون کە پەکەکەیان بە تیرۆریست ناودەبرد، سەرەڕای ئەوەش تورکیا بەو شێوە گاڵتە ئامێزە لە فڕۆکەخانە پێشوازی لێکردن!
تورکیا کەزانی دوو کورد"سەفین دزەیی و عیماد ئەحمەد"لەناو وەفدەکەی عێرقدان ئەوەندەی دیکە کێچ کەوتە کەولی و نارەحەت بوو، دەك سڵاوت لێبێ، تورکیای عیلمانی و دیموکراسی، ئافەرین بۆ خۆت بۆ چۆن دەوڵەتێکی! دەوڵەتێك ئەوە بیرکردنەوەی بێ دەبێ ئێمە چ دڵێکمان بەدراوسێیی وەها خۆشبێ!؟ شالاو ملیار شالا دراوسێی خێڵە هەر دواکەوەکانی ئەفریقیا بووینایە، نەك وڵاتێکی عیلمانی و بەناو دیموکراسی وەها.. دەوڵەتێك ئەوە بیرکردنەوەی بێت بەرامبەر بە کورد دەبێ ئێمەی کورد چ دڵێکمان بەو دراوسێیە خۆشبێ!؟ دەوڵەتێك هەموو کورد بەناحەزو خراپ ناوبەرێ دەبێ چۆن بتوانین وەکو دراوسێییەك لەگەڵیدا بژیین! خۆزگە ئێرە کوردستان نەبوایە، خۆزگە قەد دراوسێی ئەم جۆرە دەوڵەتە مێشك پووچانە نەبووینایە! خۆزگە دراوسێی خێڵە دواکەوتووەکانی ئەفریقیا بووینایە کە تائێستاش پێستەی ئاژەڵ دەکەنە دەرپێ و چەکی دەستیان تیرو کەوانە.. سەد خۆزگە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.